# جیهانگیریی و دەوڵەتی نەتەوەیی

ئیسماعیل بێشکچی/ ئەنقەرە

(تایبەت بۆ گوڵان نووسیوویەتی)



دەكرێ بەو پرسیارە سادەیە دەست پێ بكەین: لەنێو هەژموونی جیهانگیریی دا پێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی چی بەسەر دێت؟ ئایا سنوورەكان بەرەو كاڵبوونەوە دەچن و پێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەو نەمان دەچێت؟

جیهانگیریی پێش ئەوەی پرۆژەیەكی سیاسیی بێت پرۆژەیەكی ئابوورییە، كە ئیرادە و ویستی سەرمایەداریی لەخۆدەگرێ، بۆ بە هەرزان دەسكەوتنی وزەی كار و بەرهەمهێنان و بازاڕێكی گەورەتر كە دنیایە. بۆ ئەم مەبەستە سەرمایەداریی دەیەوێ سیستمێك بەسەر وڵاتاندا باڵادەست بێت كە بە ئاسانی ڕێگەی بۆ بكاتەوەو ئەمیش لێی سوودبەخش بێت. دیارە لەم پرۆژەیەدا ئەو وڵاتانەی كە بەرەو گەشەسەندن دەڕۆن زەرەرمەند دەبن و تێكدەشكێن، تەنانەت ئەو تۆزە بازاڕەی كە لەناوخۆی وڵاتەكەی هەیانە لەدەستی دەدەن. ئەمە بەشێكی نێگەتیڤی جیهانگیرییە، ئەی لەكوێ بەدوای سۆراخی بەشە پۆزەتیڤەكەیدا بگەڕێین؟!

دیارە بۆ وەها مەبەستە دەبێ هەندێك سیستم تێكبشكێن، كە ئەم دزە بكات بۆ گەلێكی وەكو كورد كە ئێستا هیچ قەوارەیەكی سیاسیی نییە، بە دڵنیاییەوە شتێكی سوودبەخش دەبێت لەباری سیاسییەوە، بەڵام دوای ئەوەی كورد قەوارەیەكی سیاسیی پەیداكرد، ئیدی ئەم پرسیارە خۆی قوت دەكاتەوە: ئایا كورد دەتوانێت لەباری ئابووریشەوە قەوارەیەك بۆ خۆی پەیدا بكات؟ هەرچەندە كە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مەزندە و پێشبینیكردن، گەلێك جاریش هەندێك ڕووداو دێنەكایەوە كە پێشبینییەكانمان پێچەوانە دەكەنەوە، بەڵام بەو ڕووداو و پێشهاتانەی ئێستا دەیبینین بە دڵنیاییەوە تووشی ئاڵۆزیی و قەیرانی ئابووریی دەبێت یان لانی كەم سەربەخۆیی ئابووریی نابێت. مەبەستم لەسەربەخۆیی ئابووریی ئەوەیە كە بەرهەمهێنەری پێداویستییە حەیاتییەكانی بژیو بێت. بەڵام هەر جۆرێك بێت ئەم شەپۆلە كورد دەگرێتەوە. داخۆ كورد لەم یارییە تازەیەدا چەند كارتی بەدەستەوەیە؟ ئەی لەبەرامبەر ئەم شەپۆلە لەزگینە كورد تاچەند دەتوانێ خۆڕاگر بێ؟ تاچەند خۆی دەدات بەدەستەوە؟

با واز لەپێشبینی بێنین و بچینەوە سەر كاكڵی پرسیارەكە، "جیهانگیریی و پێگەی دەوڵەتی نەتەوەیی". من پێموایە هیچ كاتێك بەقەد ئێستا وڵاتان بەرەو ناسیۆنالیزم هەنگاو نانێن، ئەگەر ئەو بۆچوونەی بیرمەند پۆڵ سویزی وەرگرین كە دەڵێت "ناسیۆنالیست كتومت هاوشێوەی سۆسیالیزمە"... چۆن؟ لەهەر جێگایەك بزووتنەوەیەكی ناسیۆنالیستی هەبێت دەرك بەوە دەكەین كە نەتەوەیەك هەیە، لێرە دەبێ بە چینێك. واتە بەنموونەی عەینی بیهێنین كە كورد لەكوردستانی عێراق بەنیسبەت عەرەبی سوننەوە چینێك بوو كە لەلایەن چینێكی دیكەوە كە عەرەبی سوننە بوو سەركوت دەكرا و دەچەوسایەوە. بۆیە ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستیانەش بەشێكن لە بزووتنەوەیەكی سۆسیالیستی بۆ نەمان و كاڵبوونەوەی چینەكان واتە "نەتەوەكان". لەپرۆسەی جیهانگیریشدا دروستە كە ئازادییەكی زیاتر بۆ تاكەكەسی بەدی دێت بەڵام ئەو ئازادییەش گرێدراوە بە میزانپارەی گیرفانی. لەبەرئەوە هەر دەوڵەت- نەتەوەیەك لەئاست خۆیدا هەوڵدەدات كە زۆرترین پارە و قازانج بە نەتەوەكەی خۆی بگەیەنێت بۆئەوەی لەناوخۆدا تووشی قەیران و شكست نەبێتەوە لەبەر ئەم هۆیانە، نا بە بۆچوونی من هەرچەند بەڕواڵەت سنوورەكان نامێنن و بەدی ناكرێن بەڵام لە كاكڵدا سنوورەكان پتەوتر دەبن. بۆیە ئیدی لەم دۆخەدا شاهیدی زۆرترین دەستەبەندی و هاوپەیمانێتی لە نێوان وڵاتاندا دەبین كە بەرژەوەندییان لەكوێیە؟ بۆ نموونە ئەوروپای یەكگرتوو هەوڵێك بوو بۆ ململانێ لەگەڵ ئەمریكا كە دەیویست جیهانگیریی بكات بە"ئەمریكایی بوون". بۆیە لەیەكێتی ئەوروپا كاتێك سنوورەكان لادەبرێت قەوارەی وڵاتێكی وەك ڤاتیكان یان لۆكسەمبۆرگ یان فیخنشتاین دەپارێزرێت و، دەبینین لەپاڵ

**هەتاکو کوردان نەبنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوین هیچ کاتێک ئاسوودە نابێت و لەدووری کاروانی دیموکراسییەت دەمێنێتەوە**

**ئەورووپای یەکگرتوو هەوڵێک بوو بۆ ململانێ لەگەڵ ئەمریکا کە دەیویست جیهانگیریی بکات بە"ئەمریکایی بوون". بۆیە لەیەکێتی ئەورووپا کاتێک سنوورەکان لادەبرێت قەوارەی وڵاتێکی وەک ڤاتیکان یان لۆکسەمبۆرگ یان فیخنشتاین دەپارێزرێت و، دەبینین لەپاڵ یۆرۆشدا مارکی ئەڵمانی و فرانکی فرەنسی و جونەیهی ئیستەرلینی هەر ماون**

یۆرۆشدا مارکی ئەڵمانی و فرانکی فرەنسی و جونەیهی ئیستەرلینی هەر ماون. هەروەک سەرنج دەدەین لەپاڵ ئەو هەنگاوانەی کە بۆ جیهانگیریی نران، لەئەوروپا کێشەی هەندێک کەمینەی وەک باسکی ئیسپانیا و ئیرلەندای باکوور چارەسەر نەکراون و نەیتوانی ویستەکانی ئەو کەمینانە جێبەجێ بکات ئیدی بەڕای ئێوە سنوورەکان نەماون؟ یان جیهانگیریی هەموو کێشەکانی تۆ چارەسەر دەکات کاتێک کورد قەوارەیەکی سەربەخۆی نەبێ؟

ئەمڕۆ لەجیهاندا ٢٠٤ دەوڵەتی سەربەخۆ هەن. لەفیستیڤاڵی ئەسینای ساڵی ٢٠٠٤ دا ئاڵای ٢٠٤ دەوڵەت لەو کەرنەڤاڵە جیهانییەدا شەکایەوە. لەنێویشیاندا (٥٧) وڵاتی تێدابوو کە نفوز و ژمارەی دانیشتوانییان لە ملیۆنێک تێنەدەپەڕی، کەچی لەدامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیشدا ئەندامن، لەوانە لەیەکێتی ئەوروپا و کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی و زۆربەی کۆڕ و تەجەموعە نێودەوڵەتییەکانی دیکە. بەڵام ئەمڕۆ لەجیهاندا ژمارەی کوردان دەگاتە ٤٠ ملیۆن کەس کەچی خاوەنی سۆبێکتی سیاسیی و قەوارەی سەربەخۆی خۆی نییە و لەهیچ شوێنێکیشدا ناوی نایەت و دۆزەکەی ناکرێتە ڕۆژەڤی سیاسیی. بۆیە دەبێت کورد لەسەر ئەو مژارە هەڵوەستەیەکی ڕژد و گەورە بکات، کە بۆچی ڕەوشەکە لەئاستێکی وەهادا چەقی بەستووە؟!. بۆیە پێویستە ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد لەبەرامبەر ئەو خەوش و ناتەواوییانە باری سەرنجییان پێش بخەن و خاوەنی شرۆڤە و هەڵوێست بێت. ئەمڕۆ دەبینین وڵاتێکی چکۆلانەی وەک لۆکسەمبۆرگ کە نفوزی تەنیا ٤٠٠ هەزار کەسەو ئەندامی یەکێتی ئەوروپایەو بارەگای دادگای کاروباری مافی مرۆڤی ئەوروپاشی لێیە، لۆکسەمبۆرگ دێت لەسەر قەدەری ٤٠ ملیۆن ئینسان یاری دەکات و دەڵێت کوردان نابێت ببنە خاوەنی دەوڵەت. لەبەرئەوە دەبێت ڕۆشنبیری کورد لەبەرامبەر ئەو مژارە باش بیر بکاتەوە. لەبەرئەوە گرفتی سەرەکیی کوردان دابەشکردن و پەرتەوازەکردن و بندەستکردنی کوردستانە لەسەر دەستی ئیمپریالیزم لەساڵی ١٩٢٠ دا. بۆیە هەتاکو کوردان نەبنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوین هیچ کاتێک ئاسوودە نابێت و لەدووری کاروانی دیموکراسییەت دەمێنێتەوە. ئەگەر لەشوێنێکدا کوردان پارچە پارچە بن ئەوا ناتوانین باس لەدیموکراتیزەبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوین بکەین.

ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە سنووری نێوان وڵاتان بێ واتا دەبێت، بەتێڕوانینێکی ئەقڵانی و ئۆبژێکتیڤانەی نابینم. هاتنەکایەی گشتگیرانەی پرۆسەی جیهانگیریی وەک پرۆسەیەکی پان نەتەوەیی، بووە مایەی دروستبوونی کۆمەڵێک ڕیاکسۆن و پەرچەکرداری نەتەوەیی بەرامبەری. ئەگەر ئاوڕێک لەمێژوو بدەینەوە دەبینین لەسەدەی نۆزدەهەمدا ٢٥ وڵاتی سەربەخۆ لەجیهاندا هەبوون و، سەدەی ڕابردوو بووە سەدەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم. بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆ و لەهەزارەی نوێدا ئەو ژمارەیە بۆ ٢٠٤ دەوڵەت زیادی کردووە. بەڵکو دەکرێت لەمەودایەکی دوور و نزیکدا ئەو ژمارەیە گەلێ زیاتریش ببێت، ڕەنگە لەپاش چەند ساڵێکی دیکە ئەو ژمارەیە بگاتە ٢١٠ دەوڵەت و گەلێک دەوڵەتی دیکەی نەتەوەیی لەهەرێمەکانی چیچان و فەلەستین و باسک و تبت و ...تد بێنەئاراوە. هەروەها هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرە بان نەتەوەیی و فرە ئەتنی و فرە کولتووریی و ئایینی و دواتریش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی ڕووسی بۆ کۆمەڵێک دەوڵەتی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی پۆست کۆمۆنیزم هەروەها بەرپابوونی چەندان شەڕ و پێکدادانی ئەتنی و نەتەوەیی لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو نەک تەنها لەدەرەوەی ئەوروپا بەڵکو لەنێو خودی ئەوروپاشدا وە لەمەسەلەی ئیرلەندا و هەرێمی باسک و کەتەلۆلنای ئیسپانی. بۆیە دەکرێت زۆر دەوڵەتی دیکە لەنێو ئەو چوارچێوە سیاسییەی لەئینسکۆلۆپیدیای جیهانیدا ناویان ناوە "سنوور" دروست ببێت، چونکوو کۆمەڵێک فاکتۆری گرنگ هەن کە وا دەکەن پرسی ناسیۆنالیزم پرسێکی گرنگی بێ و بەدژواری لەزۆر کایەی زانستی و هزری و فەلسەفیدا ئامادەگی هەبێ و لەژیانی ڕۆژانەشدا ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر بگێڕێ لەبڕیار و کار و ڕیاکسۆنی سیاسیدا. لەدایکبوونی ئەو هەموو دەوڵەت و تەڤگەرە نەتەوەییەش لەسەدەی بیستدا گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە سیمایەکی تەواو ناسیۆنالیستانەی بە سەدەکە بەخشی.

**وڵاتێکی چکۆلانەی وەک لۆکسەمبۆرگ کە نفوزی تەنیا ٤٠٠ هەزار کەسەو ئەندامی یەکێتی ئەوروپایەو بارەگای دادگای کاروباری مافی مرۆڤی ئەوروپاشی لێیە، لۆکسەمبۆرگ دێت لەسەر قەدەری ٤٠ ملیۆن ئینسان یاری دەکات و دەڵێت کوردان نابێت ببنە خاوەنی دەوڵەت**

**هیچ کاتێک بەقەد ئێستا وڵاتان بەرەو ناسیۆنالیزم هەنگاو نانێن، لەهەر جێگایەک بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی هەبێت دەرک بەوە دەکەین کە نەتەوەیەک هەیە**